# نامەیەکی محەمەد تۆفیق وردی بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی

**ئا: سەرنووسەر**

بۆ برای خۆشەویستم مامۆستا تاهیر

ڕۆژتان باش

دەمێک بوو ئەمەویست نامەت بۆ بنووسم و زۆر بە درێژی، بەڵام بەسەری تۆ پێنووسەکەم وا خەریکە لە دەستم هەڵێت و چوار دەرسم وتووتەوە، سەرم گێژە و لەشم ماندووە، دەنا گەلەک قسەی خۆشم بۆ دەنووسیت:

(١) کتێبەکانت ٤٥م دابەش کردووە، بەڵام زۆ(ر) کەم دەفرۆشێتن، هەندێ دەڵێن گرانە، هەندێ دەڵێن کۆنەیە، موهم ئەوەیە کە نەیکڕن، مەگەر بە خۆڕایی، بەڵام دیق بکەن یەکیان بە خۆڕایی نادەمێ.

(٢) لەم ڕۆژانە چوومە خانەقین بەدوای کالاوی بابردوو، یەنی قەرزی کتێب، ١,٣٠٠ فلسم دەست کەوتەوە لە (١٥) دینار، هەی خۆڵ بەسەر نووسەر و بوێژەکانمان حاڵمان وا بێت ئیشمان زۆر باشە، لەم ڕۆژانە لەگەڵ کابرایەک شەڕم بوو، کتێبی بۆ فرۆشتبووم، شەش مانگ بوو ٣٥٠٠ فلسم لەسەری (بوو)، ئەیوت: پارەشت بدەمێ؟ بە هەزار حاڵ دینار و نیوێکم لێ سەند.. خولاسە ئیشمان خراپە.

(٣) لە خانەقین مرۆڤێکی ساغ و باش هەیە، دەتوانی (٢٠-٥٠) دانەی بۆ بنێریت، فلسێک ناخوات، ناوی (حەبیب نەورۆز)ە، لە بن فندقی ئیعتیماد، بە مسەجەل بۆی بنێرە، داوای کردووە، بێ گومان مادام ماوەتەوە دابەشی بکە. خانەقین - حبیب نوروز - تحت فندق الأعتماد.

عەبدولوەهاب(١) دەڵێت کەم قاقەزمان بۆ ئەنووسێت، نازانم هۆی چییە؟ موبارەک بێت کە کچەکەت بە شوو داوە.. (عەبدولوەهاب)یش خەریکە...

مامۆستا چوومە ئەستەمبووری بێلا مەعنا مینی جۆب باوە، عەبا نەماوە لە مەتحەف داندراوە.. لەوێ ژن بە ڕووتی دانس ئەکات!! گەر بچییە وێندەرێ سەرت سوڕ دەمێنێ، دەڵێن تورک دڵڕەقن، بەسەری کچیان ئەوەندە ناسکۆرەن زوڵمی سوڵتان عەبدولحەمیدم لەبیر چووبووەوە..

بەڕاستی ئاواتم بوو لەم سەفەرانە لەگەڵم بوویتایە، شیعر و مەقالەت هەڵدەستا، بەتایبەتی لەسەر ڕۆخی دەریای سپی کە هەزاران لەشی ڕەنگاوڕەنگ پەخشن، بێلا مەعنا دەتوانی دانیشی دەرسیان لەسەر بڵێیەوە کە زگ چۆنە و مەمک چۆنە و پشت و ڕان و شتی تر...

هیوام وایە ئەو قسانە نەخەیتە شەوچەرە.

ئیتر هەر بژیت بە شادی، ئەم جارە دەبێ مریشک لەسەر حیسابی خۆت بخۆین، زۆر نەما بوو کە ئەوە بکەم!!

عەبدولوەهاب سەڵاوی ڕەنگاوڕەنگی هەیە.

**برات**

**وردی**

**١٩٦٨/١٠/٢٣**

**(١) عەبدولوەهاب: عەبدولوەهاب حەمەدەمین ئەسعەد (١٩٣٦- شەوی شەممە ٢٦-٢٧/١٢/٢٠١٧)، ناسراوە بە حاجییە فەندی، فەرمانبەری دایرەی ئەشغال بووە، لەدوای ساڵی ١٩٣٦ کە بارودۆخی کۆیە ناخۆش بووە، چووەتە شاری بەغدا، ئەوکاتە (کەماڵ)ی برای کە ئەندازیارە لە بەغدا بووە و خەریکی بەڵێندەرایەتی بووە، ئەویش لەوێ خانووی کڕیوە و هەموو ماڵی باوکی بردووەتە ئەوێ، تا ساڵانی کۆتایی حەفتاکان، ئەوجا گەڕاوەتەوە شاری کۆیە، عەبدولعەزیزی وێنەگر (خاوەنی وێنەگریی ڕتز) و کەمال و وشیار و دڵشاد براکانی ئەون کە ئەمڕۆ تەنیا وشیاریان ماوە. (٥) خوشکیشی هەبووە بەناوەکانی: (نەزیرە، خەیریە، فەزیلە، مونیرە، نەزیهە) کە نەزیرە و مونیرە ماون، دایکی (عیسمەت مەلا ڕەسووڵ بێتووشی خوشکی خەجیج خانە کە دایکی زەینەب خانی خێزانی (م. تاهیر حەوێزی)یە.**